لە ئاپڕین پیاوێکی بە تەمەن دەستدرێژی کردە سەر منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان



لە ئاپڕین پیاوێکی بە تەمەن دەستدرێژی کردە سەر منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان.

مستەفا ڕەسوڵ، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاپڕین لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی ئاگیاند، کەسوکاری منداڵە تەمەن هەشت ساڵانەکە سکاڵایان لەلای پۆلیس تۆمارکردووە، ئاماژەیان بە ئەوە کردووە منداڵەکەیان لەلایەن خاوەنی دەرمانخانەکەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر.

مستەفا ڕەسول ئاشکرای کرد کە کەسی تاوانبار لە شارچکەی حاجیاوە دەستگیرکراوە.

لێبارەی چۆنێتی ڕووداوەکەوە، وەک خەزانی منداڵەکە ئاشکرایان کردووە، ئەوارەی ڕۆژی 21ـی ئەم مانگە کوڕە تەمەن هەشت ساڵانەکەیان کە خوێندکاری قۆناغی دووی بنەڕەتییە چووبۆتە دەرمانخانەکە، لەلایەن خاوەنی دەرمانخانەکەوە دەستدرێژی کراوەتەسەر و دواتر ئەمانیش سکاڵایان لەسەری تۆمارکردووە.